**له ماتەمێنی «دۆعا»**

# خوڵقێنەری ڕاستەقینەی ئەم تاوانانە بناسین!

**ناسر ئێرانپوور**

کوشتنی دوعا دڵی هەموو مرۆڤێکی ئەورۆیی که گۆبیستی ئەم هەواڵە بوو، هەژاند. کێ هەیە کە دوای بیستنی ئەم هەواڵە دڵتەزێنە، خەم داینەگرتبێ و نەیوتبێ کە «چەند شەوە خەوم لێنەکەوتووە»؟ ئەم خەمە لە گەڵ خەمی کارەساتی سروشتی و تەنانەت لە گەڵ خەمی لەدەستدانی کەس و کاریش جیاوازی هەیە. ئەمە خەمی گشتە، خەمی مرۆڤایەتییە. توورەییەک ئاوێتەی ئەم خەمەیە و بەرۆکمان بەر نادات، تورەیی لە خۆمان وەک مرۆڤ، لە خۆمان وەک کورد، تورەیی لە حکوومەت و دایرەکانی کورد لە کوردستانی باشوور. دڵنیام کەس نییە کە وەک من ئەم پرسیارەی لە خۆی نەکردبێ کە ئاخۆ دەوری «دەسەڵات» لەم کارەساتانەدا چ بووە؛ پرسیاری لە خۆی نەکردبێ کە پۆلیسی <u>کورد</u> بۆ لەوێندەرێ بوو، بەڵام لە جیاتی ئەوەی پێش بەم تاوان و کارەساتە بگرێ، چاوی بزکردبوەوە و سەیری دەکرد، تۆمەز سەیری شەرە کەڵەشێر دەکات. تۆ بڵێی چ کەین و بەینێک لە نێوان ئەو تاوانبارانەی دۆعایان کردە قۆچی قوربانی و دایانە دەست گەلە گورگێکی دڕ، لە گەڵ بەرپرسە حکومییەکانی ئەو ناوچەیە هەبووبێ؟ مرۆڤ دەپرسێ ئایا یاسایەک هەیە کە بتوانێ بەری تاوانێکی ئاوا گەورە بگرێ و بتوانێ، تاوانباران سزا بدات؟ دەبێ مرۆڤ چەندە درندە بێ، چەندە بێرەحم بێ کە بتوانێ مرۆڤێکی مێرمندالی بێ تاوانی ئەوتۆی وەک دۆعا بداتە بەر رقی حەیوانی خۆی و هەڵیبدرێت؟

پێم وانییە هیچ قەڵەمێک بتوانێ ئەم نامرۆڤایەتییە بێنێتە سەر کاغەز. ئەمن ئەگەر بۆیان گێرابامەوە کە لە سەدەی ناوەڕاست، نەخێر، لە سەردەمی بەردین، ئینسان لە گەل ئینسان ئاوا جووڵاوەتەوە، باوەڕم نەدەکرد، چ بگا بە هەزارەی سێهەم و دەربازبوونی مرۆڤ لە تاریکستانی دواکەوتوویی و نەزانی.

دوعایان کوشت، ئەویش بەم چەشنە کە ناموسی بنامەڵە و ئایین بپارێزرێ!!! ئەم کارەساتە خۆی لە خۆیدا سەلماندی کە ئایین و نەریت، لە هەر ڕەنگ و جلێک دابن، بە هەر نێویک بن، ژارێکی کوشەندەن بۆ کۆمەڵگا، ژار و ئەفیونن بۆ مێشکی مرۆڤ، ژارن بۆ پێکەوەژیانی مرۆڤایەتی، بەتایبەت ژارن بۆ مافی ژنان کە نیوەی راستی کۆمەڵگان. ئەگەر دوێنێ شێخ زانای موسوڵمانی کورد بە سەربرینی مرۆڤی بێ تاوان دەستی خۆی رادەهێنا و بەوجۆرە پارێزگاری لە «کەرامەتی» دینەکەی دەکرد، ئەمرۆ ئیزەدێکانی کورد رۆڵەی خۆیان لە پێناو سەلماندنی مێشکی بۆگەنیودا بەردەباران دەکەن.

ئەم تراژێدییە ڕاستییەکی تریشی بۆ جارێکی تر سەلماند، ئەویش دەوری چەوت و چەواشەی دەزگا ڕاگەیەنەرەکانی کوردستانی عێراقە لە ئاست رووداوی بەوجۆرەیە. 17 رۆژی رەبەقی خایاند، تا تێلێویزیونەکانی باشووری کوردستان باسی ئەم ڕووداوەیان کرد، ئەویش دوای وەی کە دنیا خەبەردابوو و کەس نەما دەنگێ نارەزامەندی خۆی دەر نەبڕێ. بە ڕاشکاوی بڵێم کە هیچ جیاوازییەکی ئەتۆ لە نێوان تێلێویزیۆنی وڵاتانی دیکتاتوری داخراوی نەخۆش و تێلێویزیۆنی باشووری کوردستاندا نابینم. ئەم دەزگایانە کە هێزە سیاسییەکان وەک مڵکی خۆیان (!!) سەیری دەکەن و هیچ کۆنترۆل و چاوەدێرێکی بێلایەنی خەڵکیان لەسەر نییە، هیچ شتێکی بەکەڵکی پێشکەوتووخوازانە پێشکەشی جەماوەر و کۆمەڵگا ناکەن! باشە ئەی بەچی فەرهەنگی کۆمەڵگای وەدواکەوتوومان گەشە بکا و وەپێش کەوێ؟

تەنیا بە هەڵپەرکێ و گۆرانی؟ ئەگەر ئەمانە بتوانن دەردەکانی کۆمەڵگا سارێژ بکەن، خۆ لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی سەددامیشدا هەمانبوون. ئەدی شۆرش بۆ چی بوو؟

دەبا هێندە بە شان و باڵی خۆمان دا هەڵنەڵێین! مرۆڤ هێڵنجی دێتێ: ئەو سەدان کەسەی کە سەیری ئەو کوشتنە دڕندانەیان دەکرد، خەڵکی بەیانی و خاریجی نیین. کوردن و لە ناومان دا دەژین. فەرهەنگی وان بەشێک لە فەرهەنگی ئێمەیە. ئیتر ئەوەندەش بیانوو نەهێنەوە کە «شتی وا لە هەموو جێیەک دەقەومێ»، چونکێ ئەوەڵەن ڕاست نییە، دوهەمەن ئەگەر ڕاستیش بێ، شتێک لە نامروڤانە بوونی ئەم تاوانەیە کەم ناکاتەوە، سێهەمەن روخساری ڕاستەقینەی ئەو هەڵوێستەمان بۆ دەردەخا کە تێکۆشان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی نابێ تەنیا چالاکی مە بێ‌و بەهەمان ڕادە و لە هەمان کاتدا پێویستە بە دژی دیاردەناحەزەکانی کۆمەڵگاکەمان وەک قەتڵی ناموسی، بێ مافی ژنان، چەوسانەوەی هەژاران، گەندەڵی ئیداری، داگیرکردنی دەزگاراگەیەنەرەکان و گەلێک شتی سەلبی‌تر ڕاوەستین و بێدەنگ نەبین.

لەم کارەساتەدا

- سەرشۆڕی بە باڵای ئەم کەسانەدا برا کە سەیری ئەم ڕووداوەیان کرد و پێشیان پێ‌نەگرت؛
- سەرشۆڕی بۆ ئەو پۆلیس و شۆرتە و دایرە حکوومەتییانەی خۆمان ما کە ئەم ئینسانە بێ‌دەسەڵاتەیان تەسلیمی شێخ کردەوە و پاشانیش سەیری کوشتنە دڕندانەکەیان کرد؛
- سەرشۆڕی بۆ ئەم شێخە کە دوعای تەحویلی بنەماڵەکەی دایەوە،
- سەرشۆڕی بۆ بنەماڵەکەی کە ئەم تاوانە گەورەی بۆ پارێزگاری لە «ناموس» و ئایینی خۆی کرد؛
- بەتایبەتی سەرشۆڕی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی باشور، کە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەیان شاردەوە؛
- وە بەڵام سەرشۆڕیە بۆ ئێمەی مرۆڤ کە ئیزن دەدەین کارەساتی وا لە ناوماندا بقەومێ.

دیارە تاوانی ئەم کەسانەی کە لەوێندەرێ چاویان بڕی‌بوو ئەم قیاسە، لە تاوانی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ دوعایان بەم شێوە دڕندانەیە بەردەباران کرد و کوشت، زۆر کەمتر نییە، چونکێ ئەگەر بنیامی وانەبن، مرۆڤکوژی و تاوانی ئاوا گەورە ئەوەندە بە ساکاری و ڕاشکاوی لە حەق کەسێکی مێرمنداڵی بێ‌پەنای ئاوا ناخولقێندرێن. <u>بەڵام هۆکار و خوڵقێنەری ڕاستەقینەی تاوانی وا ئەم بنچینەی بیری وەدواکەوتوانە و گەندەڵی‌یە، ئەم ژارەیە کە لە مێشکی بەشێک لە ئێمەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بناخەی داکوتاوە و مرۆڤی وامان لێ ساز دەکا لە باسمان کرد.</u> کە وایە بەر لەوەی ئەم تاوانبارانە بە محاکمە بکێشین، دەبێ ئەم کولتور و بیر و بۆچوونانە بەرینە ژێر پرسیار کە لە مرۆڤ تاوانباری وا ساز دەکا، مرۆڤێک کە پێی وایە دەبێ بۆ پاراستنی ناموسی بنەماڵە و ئایین مرۆڤکوشی بکا، ئەویش بەتایبەت مرۆڤی ژن.

بەشێک لە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی بوینە کوێلەی ئەم بیرە، نە بە پێچەوانەکەی.

9ی مانگی مای 2007

www.iran-federal.com

peyam@iran-federal.com